ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## تەواوکردنی ویندۆز XP بە SP2.

نووسەر: Aso Naderi
@: Aso.Naderi@Gmail.Com

وەک بۆ زۆربەی بە کارهێنەرانی کۆمپیوتەر و ویندۆز بەتایبەت روونە کە لەچەند مانگی ڕا بردوودا گەورە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، Service Pack 2 ـی تایبەت بە ویندۆز XP بڵاوکردەوە.
پێشتر بابەتێکی تێر و تەسەلەم نووسیوە سەبارەت بە SP2 کە دەتوانی لێرە بیخوێنیتەوە.
هەموو جارێک کە ویندۆز تێکبچیت و بەکارهێنەر تووشی فۆرماتکردن بێت، تووشی ئەوەش دەبێ کە Service Pack ـەکان دابمەزرێنێت، واتە Service Pack 1+2 بەهۆی ئەوەی ئەوەی کە نوێکردنەوەی پێویستیان لەخۆیان گرتووە کە یاریدەرن بۆ باشتر کارکردنی ویندۆز.
بەڵام هەموو کەسێک ئەو Service Pack ـانەی لەسەر CD نیەو بۆیە ئەبێ لە ئینتەرنێت دایانبگرێت و پاشان دایانبمەزرێنێت، یان سیدی ویندۆزەکەی SP2 لە خۆ نەگرتووە، ئەوەش بۆخۆی کاتێکی زۆر دەبات بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە ئینتەرنێتی خاو یان هەیە.
لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم چۆنیەتی تەواوکردن یان تێکەڵاوکردنی ویندۆز XP و SP2 شیبکەمەوە و پاشان سووتاندنی سیدی ویندۆز بەشێوازی Bootable. وایە دروستکردنی سیدیەکی نوێی ویندۆز XP کە SP2 لە خۆگرتێت و لەکاتی دامەزراندنی ویندۆز دا SP2 بەشێوەیەکی خۆکار دابمەزرێت.
پێش هەموو شتێک ئەبێ سیدی ویندۆزت هەبێت + پرۆگرامی سیدی سووتێنەر Nero (دەتوانرێ بە پرۆگرامەکانی دیکە بسووتێنرێ بەڵام بەهۆێ زۆری بەکارهێنەرانی Nero ـەوە، لێرە نێرۆ بەکار دەبەم).
لە شوێنێکی نێو کۆمپیوتەرەکەت باشتر وایە لە نێو پەیکەی رەگ / C، Hard Disk بێت، دوو بوخچە دروست بکە یەکێکیان بە ناوی winxp و ئەوی دیکەش بەناوی winxp-sp2.
پێش بەردەوامبوون پێویستە ئەم هەنگاوە جێبەجێ بکرێت.
لە نێو بوخچەی winxp دا لەسەرەوە کرتە بکە سەر Tools و Folder Options و لەبەشی View دا ئەو خاڵانە وەک وێنەی خوارەوە ڕێک بخە.




سیدی ویندۆز بخەرە نێو سیدی خوێنەری کۆمپیوتەرەکەت و پاشان هەموو پەڕگەکانی نێو ئەو سیدیە رووونووس بکە.




بیانبە لە نێو بوخچەی winxp کە پێشتر دروستت کرد بیانلکێنە.




Service Pack 2 دابگرە، دەتوانی سەردانێکی ئێرە بکەیت و بە پێی زمانی ویندۆزی سەر سیدیەکە دابیگری.
Windows XP SP2
پاش هەڵبژاردنی زمان کرتە بکە سەر Download و لە نێو بوخچەی winxp-sp2 دا پاشەکەوتی بکە.
ناوی پەڕگەی داگیراو واتە SP2 لە ناوی ئەسڵی خۆیەوە بگۆڕە بۆ winxpsp2.exe واتە گەر ئەو پەڕگەیەی کە داتگرتووە، ناوەکەی بەم شێوەیە WindowsXP-KB835935-SP2-ENU.exe ، ئەو ناوەی بگۆڕە بۆ winxpsp2.exe.

کرتە بکە سەر Start و پاشان Run، لە نێو Run دا ئەم دێڕە بنووسە و OK کرتە بکە.

C:winxp-sp2/winxpsp2.exe -s:c:winxp

دڵنیا بە کە وەک خۆی بینووسی، باشتر وایە ڕوونووسی بکەیت و لە Run بیلکێنیت.
ئەو دێڕەی سەرەوە کارەکەی ئەوەیە کە SP2 تێکەڵاو بکات لەگەڵ ویندۆز XP.
بەو شێوەیە هەنگاوی تێکەڵاوکردن دەست پێدەکات،




کاتێکی زۆر نابات و پاش چەند خولەکێک تەواو دەبێت.




پاش تەواوبوون پەیامێکت بۆ دێت کە ئاگادارت دەکاتەوە لەوەی کە تێکەڵاوکردنی SP2 لەگەڵ ویندۆز XP دا بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات.



-----------------------------------------------------

لەبەشی سەرەوەدا چۆنیەتی تەواوکردنی ویندۆز ئیکس‌پی لەگەڵ SP2 ـم شیکردەوە، ئێستا پێویست بەوە دەکات کە دووبارە ئەو ویندۆزە بسووتێنیەوە سەر سیدی بە شێوەیەک کە Bootable بێت، واتە لەکاتی فۆرماتکردنی کۆمپیوتەردا بە بتوانێ پێش گەشتن بە کاتی کردنەوەی ویندۆز، بکرێتەوە. ئەو سووتاندنە لەسەر سیدیەکی نوێ جێبەجێ دەکرێت، واتە سیدیەکی ویندۆز ئیکس‌پی نوێ دروست دەبێت.

ئەم پەرگەیە دابگرە.

پرۆگرامی Nero Burning Rom بکەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی Compilation دا CD-ROM/Boot دەستنشان بکە.

Boot




لەبەشی Image File دە ئەو پەرگەیەی کە لەسەرەتای ئەم بەشەدا داتگرت، هەڵبیژێرە، ئەبێ Unzip کرابێت.

Expert Settings چالاک بکە و وەک وێنەی سەرەوە رێکی بخە.

ISO، ئەم بەشە و بەشەکانی دیکەش وەک وێنەکانی خوارەوە ریک بخە.




Label




لە خانەی Disk Name ناوێک بۆ سیدیەکە بنووسە.
Dates




Misc




Burn




لە كۆتایی ڕێكخستنەكاندا كرتە بكە سەر Burn بۆ هەڵبژاردنی ئەو پەڕگانەی كە دەتەوێ بیانسووتێنی.



وەک سووتاندنی سیدیەکی ئاسایی، پەرگەکانی نێو winxp بکێشە نێو بەشی چەپی پرۆگرامەکەوە. وەک وێنەی سەرەوە.
پاسان کرتە بکە سەر ئایکۆنی سووتاندن یان لە لیستەی Recorder کرتە بکە سەر Burn Compilation-Ctrl+B.




Burn کرتە بکە بۆ دەستپێکردنی سووتاندن.
ئاستی پرۆگرامەکە لە کاتی سووتاندن دا.




وەک دەبینی لەسەرەوەی پەنجەرەکە نووسراوە CD-ROM/Boot واتە شێوازی سووتاندنەکە دروستە.




پاش تەواوبوون پەیامێکی وەک ئەوەی سەرەوەی دیتە پێشەوە کە دەڵێ: سیدی سووتاندن بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات.
بەو هەنگاوە کورتانەی سەرەوە سیدیەکی ویندۆز ئیکس‌پی کە SP2 ـی لەگەڵە بۆ خۆت دروست کرد و گەر هەموو هەنگاوەکانت وەک ئەوانەی سەرەوە جێبەجێکردبێت ئەبێ سیدیەکە بە بێ کێشە کار بکات.

کۆتایی.

Nov 2005 03

**Chin Bar**
Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!

**Plastic surgery**
Find A Qualified Doctor For BOTOX® Cosmetic Treatments.

Ads by Google